www.kurdistannet.org
25-4-2006 17:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەبوو... نەبوو... ئامانج عەبدوڵا سوور**

هەبوو نەبوو خوا بەخێری بگێری وڵاتێکی کەرت کراوی سیاچارەی بەدبەختی چەوساوە هەبوو پارچەیەکی بەقولی رووتی جەماوەرو ویستی بەرزی هاوڵاتیانی ئازادی بەدەستهێنا.. ساڵ هات ورۆیی هەموو هاوکێشەکان پێچەوانە بوونەوە لەم وولاتەدا:
جاش بووبە باش، شۆرشگێر بەترسنۆك پەسنکراو ترسنۆکیش بووبە قارەمانی شەوی ئەنگوستە چاو، دۆراو بوبە براوە، دەسەڵات بەلگاو بەدەست هات ئەوەی لەسەر دەبڵ تاجی بۆدەرئەچوو ئەبوو بەدەم راستی پاشا، گەدا لەقاقای پێکەنینی دەسەڵاتدا شەوارەی ئەگرت بێدار بەدیار پاشاوە.

راگەیاندن بوبە ویردی موراهیقەکان، ئەوپەنجانەشیان شکاند کەشاعێرێکی پەشۆکاو بۆ نیشتمانەکەی عەیامێك سوپاسی کردبوون، تلمودی پاشکۆبونیان ئەخوێندەوە، بەنوێژە باران وقاوەگرتنەوە و دەست خوێندنەوە بریاری چارەنوسیان ئەدا، راوێژکار و نیابەتەکانی هەر بەدیار باوێشکی قوڵەوە خەوبردبونیەوە!
قەرەفایل بوبە دەم راستی هونەری لەم وولاتە وتلیاك کێشەکان بونە پاڵەوانی دەنگ چریوی شاشە ئەوانەی لەپاڵاسەکاندا لەستایشی داگیرکەردا بوون شەش مانگ بەنرخی ئاوی بەلوعا بونە شۆرشگێر مارشیان بۆدەسەڵات ئەچری..

هونەرمەندە رەسەنەکانیش سەری خۆیان هەڵگرت، شۆرشگێرە کۆنەکانی لەوەستایەکی چایچی ئەپارانەوە بیانکات بەشاگرد بەدەستێك دوانزە پیاڵەیان هەڵئەگرت ئاخر کۆنە هینەکانی تر بەدەستێك پەنجا ئیمزای کاڵیان بۆ داگیرکەر کردبوو دەستیان خاوێن بوو بونە دەم راستی وولات.

شاعیرەکانی دوێنێی ئەم وولاتە مردن بەوداخەوە یەخەیان دادری، کروزانەوە کە کەسێك پێی نەوتن مەرحەبا، شاعیرە دەنگ قرخنە هەرزە ناوازەکانی هاتنە سەرسفرەی رازاوە بەپێکی شەوانی سووری دەسەڵات، زیاد لەجارێك دیوانەکەیان چاپ کرایەوە بونە کەرەنای گەندەڵی، خەڵکی بەدیار شارێکیەوە ئەگریا بەدیار چارەنوسیەوە دادی بوو ئەو پێی ئەوتین دەرگای سەلاجەکەتان بکەنەوە پرە لەتری وهەلۆژە وپرتەقاڵ.
نوسەرەبی لایەنەکانی لایەکیان گرت وقوریان بۆلایەکی تر ئەشێلا، نوسەرە بەهەلۆیستەکانیشی بەلێنەکانی دەسەڵات ووروکاسی کردن، بی هودە بەسەرشەقامەکاندا ئەگەران خەریکی نوسینەوەی یادەوەری بوون، ئەوانی دیش وەك کەری نێو دوو جۆگە ئەلەوەرین..
مۆسیقارەکانی خەریکی لێدانی دەهۆڵ بوون بۆ گەندەلی، سیسارکە کەچەڵەیەك مایسترۆ بوو بەبروانامەیەکی تەزویری لولکراوەوە... دۆسیەیەك داخرا بۆنی نەتەوەکەی لی بێت، هەبوو نەبوو، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو خوا بەخێری بگێرێت!!!!!!